# دامەزراندنی لقی هەولێری یەکێتیی نووسەرانی کورد .. یەکەم کۆنفرانس

ئا : عەبدولڕەحمان فەرهادی



**ژمارەیەک لە نووسەران و شاعیرانی هەولێر لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٠ لەنێو خۆیاندا و توێژی ئەوەیان کرد کە لقی هەولێری یەکێتیی نووسەرانی کورد دابمەزرێت و داواکارییەکیان بۆ ئەم مەبەستە پێشکەش بە پارێزگای هەولێر کرد بۆ مۆڵەتدانیان و ئەوە بوو.**

* بەپێی نووسراوی پارێزگای هەولێر ژمارە (٢١٤٦٧) لە ١٩٧٠/١٢/٣ یەکێتیی نووسەرانی کورد/ لقی هەولێر بواری کارکردنی دراو دوای ئەم بڕیارە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری لقەکە لەنێو خۆیاندا هەر ئەو ڕۆژە کۆبوونەوەو کاروبارەکانیان بە شێوەیەکی کاتی بەسەر خۆیاندا دابەش کرد تا ئەو کاتەی کۆنفرانسی لقەکە دەکرێت. کاروبارەکان بەم شێوەیە دابەش کران:

١- محەمەد مەولوود مەم سەرۆک
٢-حەمەکەریم ڕەمەزان هەورامی جێگری سەرۆک
٣-کەریم مستەفا شارەزا سکرتێر
٤-جەمال عەلی خدر ژمێریار
٥-مەدحەت بێخەوئەندام
٦-پیرباڵ مەحموود ئەندام
٧-بەدرخان سندیئەندام
٨-عەبدوڵڵا پەشێوئەندام
٩-کەمال غەمبار ئەندام
١٠-محەمەد شەریف عوسمان (مەلا شەریف) ئەندام

هەر هەمان ڕۆژ دەستەی کاتیی بەڕێوەبەر بڕیاریاندا سوپاسنامەیەک بۆ پارێزگاری هەولێر عەبدولوەهاب ئەترووشی بنێرن بە بۆنەی مۆڵەتدانیان و پاشان دەست بکەن بە وەرگرتنی ئەندامی تازە لە نووسەران و شاعیرانی هەولێر، هەروەها نووسراوێکیان بۆ تەلەفزیۆنی کەرکووک و مووسل نارد کە تیایدا داوا کرابوو بەرنامەیەکی تایبەت بە کۆڕە ئەدەبییەکانی لقەکە لە هەردوو تەلەفزیۆن پێشکەش بکرێت.

* ڕۆژی ١٩٧٠/١٢/١٠ دەستەی بەڕێوەبەر بە زۆربەی دەنگ بڕیاریدا ئەم نووسەرو شاعیرانەی خوارەوە هەڵبژێرن بۆ ئەوەی داواکانیان بنێردرێت بۆ (ناوچەی گشتیی یەکێتیی نووسەرانی کورد) لە بەغدا بە مەبەستی بوونە ئەندام لە لقەکە:

١-عەزیز عەبدوڵلا گەردی مامۆستا لە قوتابخانەی سیروان
٢-جەلال مەدحەت خۆشناو ئەندازیاری ناوچەی هەولێر
٣-مەجید عەبدولڕەحمان مامۆستای قوتابخانەی ناوەندی لە هەولێر
٤-عەبدولخالیق سەرسام خاوەنی کتێبخانەی لاوان لە هەولێر
٥-مەجید هێرش فەرمانبەر لە کتێبخانەی گشتی هەولێر
٦-سەعدوڵلا سەعید پەرۆش کاسب لە هەولێر
٧-جەمیل ڕەنجبەر دەرچووی قوتابخانەی مامۆستایان لە هەولێر

*ڕۆژی ١٩٧٠/١٢/١٧ دەستەی بەڕێوەبەر بڕیاریدا ئەم نووسەرو شاعیرانە بۆ بوون بە ئەندام بپاڵێون:
١-عیزەدین فەیزی
٢-محەمەد مەلا قادر لاجانی
٣-یووسف عەبدولڕەحمان
٤-حوسێن عەزیز ڕەشوانی
٥-محەمەد حەوێز ئەحمەد
٦-عومەر ساقی حەسەن
٧-عەلی عەبدوڵلا عەلی (هەژار)
٨-عەبدولکەریم مستەفا هیرانی
٩-سەید ئەنوەر سەید ئەحمەدبەرزنجی
١٠-مەجید عومەر حەسەن
١١-بیلال عەزیز

هەروەها ڕۆژی ١٩٧٠/١٢/٢٤ دەستەی بەڕێوەبەر بڕیاریدا سەعید یەحیا بپاڵێوێت بۆ وەرگرتنی بە ئەندام.
* ڕۆژی ١٩٧١/١/١٥ کۆنفرانسی لق سازبدرێت.
* ڕۆژی ١٩٧٠/١٢/٣١ دەستەی

بەڕێوەبەر بڕیاریدا فەرید زامدار بۆ ئەندامێتی بپاڵێوێت و هەمان ڕۆژ بڕیاردرا داوا لە موحسین ڕەشید ئەحمەد (ئاوارە) بکرێت بەرهەمە ئەدەبییەکانی خۆی بنێرێت بۆ ئەوەی بکرێت بە ئەندام.. پاشان هەمان ڕۆژ ١٩٧٠/١٢/٣١ دەستەکە بڕیاریدا لێژنەیەک لەم بەڕێزانەی خوارەوە پێک بهێنێت بۆ خۆ ئامادەکردن و سەرپەرشتیکردنی کۆنفرانسی لق:

١-حەمەکەریم هەورامی سەرۆکی لێژنە
٢-کەریم شارەزا ئەندام
٣-مەدحەت بێخەو ئەندام
٤-بەدرخان سندی ئەندام
٥-عەبدوڵڵا پەشێو ئەندام
٦-پیرباڵ مەحموود ئەندام

* ڕۆژی ١٩٧١/١/٧ بڕیاردرا ئەم لێژنانە پێک بهێنرێن بۆ کاروباری ئاهەنگەکانی کۆنفرانس:

أ- لێژنەی ڕێکخستن و بانگ کردنی میوانان و چاپکردنی پلیت و پرۆگرام:
١- محەمەد مەولوود مەم سەرۆک
٢- جەمال عەلی خدر ئەندام
٣- مەدحەت بێخەو ئەندام

ب- لێژنەی تەشریفات:
١- حەمەکەریم ڕەمەزان هەورامی سەرۆک
٢- عەبدوڵڵا پەشێو ئەندام
٣- کەمال غەمبار ئەندام

دروشمەکانی کۆنفرانس:
١- زیندووکردنەوەو بووژاندنەوەی کەلەپووری نەتەوایەتیی میللەتی کورد گرنگترین ئامانجی یەکێتیی نووسەرانی کوردە.
٢- یەکێتیی نووسەرانی کورد نموونەی بەرەی یەکگرتووی نیشتمانییە.
٣- یەکێتیی نووسەرانی کورد لە دەستکەوتەکانی بەیاننامەی (١١)ی ئادارە.
٤- کوردایەتی. یەکێتیی نیشتمانی. ئاشتی.

* ڕۆژی پێنج شەممە ١٩٧١/١/١٤ دەستەی بەڕێوەبەر کۆبوونەوەو بڕیاریاندا ئەم نووسەرو شاعیرانەی خوارەوە مافی دەنگدانیان لە هەڵبژاردنی دەستەی نوێی بەڕێوەبەر هەبێ، دوای ئەوەی ناوچەی گشتی یەکێتیی نووسەرانی کورد بڕیاری لەسەر وەرگرتنی چەند ئەندامێکی نوێ دابوو.

١- ئەحمەد مستەفا دڵزار
٢- کەمال حوسێن غەمبار
٣- بەدرخان عەبدوڵڵا سندی
٤- مەجید ئەحمەد ئاسنگەر
٥- محەمەد شەریف عوسمان (مەلا شەریف)
٦- حوسێن عەزیز ڕەشوانی
٧- مەدحەت بێخەو
٨- عەبدوڵڵا پەشێو
٩- پیرباڵ مەحموود ئیبراهیم
١٠- کەریم مستەفا شارەزا
١١- حەمەکەریم ڕەمەزان هەورامی
١٢- محەمەد مەولوود مەم
١٣- مەلا مستەفا عاسی
١٤- عوسمان عەونی حەبیب
١٥- محەمەد نافیع ڕۆستەم
١٦- تاهیر ئەحمەد حەویزی
١٧- مەلا مەسعوود مەلا عەبدوڵڵا (بێبەش)
١٨- بورهان حاجی ئەحمەد (جاهید)
١٩- جەمال عەلی خدر
٢٠- محەمەد حەسەن مەنگوڕی
٢١- مەغدید مامە فەیزی (سۆران)
٢٢- سامیە شاکر چاوشلی (مەشخەڵ)
٢٣- عەبدولخالیق عەلائەدین
٢٤- عەبدولسەمەد خانەقا (ئەندامی فەخری)
٢٥- عیزەدین فەیزی
٢٦- عومەر ساقی حەسەن
٢٧- محەمەد حەویز
٢٨- عەلی عەبدوڵڵا عەلی (هەژار)
٢٩- محەمەد مەلاقادر لاجانی
٣٠- عەبدولکەریم مستەفا هیرانی
٣١- مەجید عومەر حەسەن (ئەندازیار)
٣٢- بیلال عەزیز
٣٣- سەید ئەنوەر سەید ئەحمەد بەرزنجی
٣٤- سەبری بۆتانی
٣٥- شێخ محەمەد هەرسین
٣٦- مەجید عەبدولڕەحمان
٣٧- عەزیز عەبدوڵڵا گەردی
٣٨- جەلال مەدحەت خۆشناو
٣٩- حەبیب عەلی میرانی
٤٠- سەعید یەحیا
٤١- مومتاز حەیدەری

یەکەمین کۆنفرانس

یەکەم کۆنفرانسی لەڕۆژی ١٩٧١/١/١٥ لە ئاهەنگێکی شایستە بە چاودێریی پارێزگاری هەولێر سازدراو دروشمی کۆنفرانسەکە (کوردایەتی)و (یەکێتیی نیشتمانی)و (ئاشتی) بوو.. سەرەتا بەڕێوەبەری ئاهەنگ کەریم شارەزا داوای لە ئامادەبووان کرد دەقیقەیەک بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان بووەستن. پاشان بە سروودی کوردستان لەلایەن تیپی قوتابیانی کوڕو کچ بە یارمەتی تیپی مۆسیقای چالاکیی هونەریی پەروەردەی هەولێر ئاهەنگەکە کرایەوەو ئەم وتارانە پێشکەش کران:

١- وتاری پارێزگاری هەولێر لەلایەن کانەبی عەزیز دزەیی جێگری پارێزگار بەزمانی عەرەبی و مەغدید مامە سۆران بە کوردی پێشکەشی کردەوە.
٢- وتاری ڕێکخراوە کوردستانییەکان لە لایەن ئیسماعیل عومەر سنجاوی.
٣- وتاری دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نووسەرانی کورد/ لقی هەولێر لە لایەن محەمەد مەولوود مەم.
٤- شیعرێک لەلایەن مەدحەت بێخەو.
٥- وتاری یەکێتیی نووسەرانی کورد لە لایەن هەژار موکریانی سەرۆکی یەکێتییەکە.
٦- شیعرێک لەلایەن عەبدوڵڵا پەشێو.
٧- وتارێک لەلایەن بەدرخان عەبدوڵڵا سندی.
٨- وتاری نووسەرانی پارێزگای کەرکووک لە لایەن عوسمان مستەفا خۆشناو.
٩- شیعرێک لەلایەن مەجید ئەحمەد ئاسنگەر نوێنەری نووسەرانی کۆیە.
١٠- کۆتایی ئاهەنگ بە سروودی ئەی ڕەقیب لەلایەن قوتابیانەوە بە یارمەتیی تیپی مۆسیقای چالاکیی هونەریی پەروەردەی هەولێر.

بروسکە و پیتاکەکان لەلایەن کەریم شارەزا دەخوێنرانەوە
١- لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان
٢- یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان
٣- یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان
٤- یەکێتیی لاوانی کوردستان
٥- یەکێتیی زانایانی ئایین لە کوردستان
٦- یەکێتیی قوتابیانی کوردستان
٧- نەقابەی مامۆستایان- لقی هەولێر
٨- نەقابەی ئەندازیاران- لقی هەولێر
٩- نوێنەرانی گۆڤاری نووسەری کورد
١٠- گۆڤاری دەفتەری کوردەواری
١١- گۆڤاری هەولێر
١٢- گۆڤاری چیا
١٣- ڕۆژنامەی هاوکاری
١٤- قوتابیانی بەشی کوردی لە زانستگەی بەغدا.
١٥- بانگێکی تەلەفۆنی لە قائیمقامی چۆمان فەرەنسۆ هەریری.

پاشان هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری لقی هەولێر بە چاودێریی حاکمی هەولێر یەعقووب یەعقووبی و سەرپەرشتیی ئەم ئەندامانە کرا:
١- شێخ محەمەد هەرسین
٢- مەغدید مامە سۆران
٣- عەلی عەبدوڵڵا هەژار
٤- سەبری بۆتانی
٥- مومتاز حەیدەری
دواتر ئەم ئەندامانە خۆیان بۆ دەستەی بەڕێوەبردنی لقی هەولێر هەڵبژارد:
١- محەمەد مەولوود مەم
٢- کەریم شارەزا
٣- حەمەکەریم هەورامی
٤- بەدرخان سندی
٥- مەدحەت بێخەو
٦- کەمال غەمبار
٧- عەزیز گەردی
٨- عەبدوڵڵا پەشێو
٩- محەمەد مەنگوڕی
١٠- جەمال عەلی خدر
١١- جەلال مەدحەت خۆشناو
١٢- سەعید یەحیا
١٣- مەجید عەبدولڕەحمان
١٤- عومەر ساقی حەسەن
١٥- حوسێن ڕەشوانی
١٦- پیربال مەحموود
دوای تاوتوێ کردنی دەنگەکان و جیاکردنەوەیان ئەم شازدە ئەندامەی خوارەوە کە ژمارەی دەنگەکانیان بەرانبەر نووسراوە بوون بە یەکەم ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری هەڵبژێردراوی یەکێتیی نووسەرانی کورد/ لقی هەولێر:
١-بەدرخان سندی ٢٥ دەنگ
٢-محەمەد مەولوود مەم ٢١ دەنگ
٣-حەمەکەریم هەورامی ٢١ دەنگ
٤-کەریم شارەزا ١٩ دەنگ
٥-عەبدوڵڵا پەشێو ١٨ دەنگ
٦-عەزیز گەردی ١٨ دەنگ
٧-محەمەد مەنگوڕی ١٧ دەنگ
٨-مەدحەت بێخەو ١٦ دەنگ
٩-کەمال غەمبار ١٦ دەنگ
١٠-حوسێن ڕەشوانی ١٤ دەنگ
١١-جەلال مەدحەت خۆشناو ١٤ دەنگ
١٢-سەعید یەحیا ١٠ دەنگ
١٣-جەمال عەلی خدر ١٠ دەنگ
١٤-مەجید عەبدولڕەحمان ٧ دەنگ
١٥-پیربال مەحموود ٦ دەنگ
١٦-عومەر ساقی حەسەن ٣ دەنگ

هەمان ڕۆژ بۆ ئێوارەکەی دەستەی هەڵبژێردراو لە یانەی فەرمانبەران کۆبوونەوەو شەش کەسیان خۆیان بۆ دەستەی بەڕێوەبردنی لق هەڵبژاردو هەڵبژاردنێکی نهێنیان لەنێو خۆیاندا کردو ئەنجامەکەی بەم شێوەیە بوو:
١-بەدرخان سندی ٧ دەنگ
٢-حەمەکەریم هەورامی ٧ دەنگ
٣-کەریم شارەزا ٦ دەنگ
٤-حوسێن ڕەشوانی ٦ دەنگ
٥-عەبدوڵڵا پەشێو ٤ دەنگ
٦-مەدحەت بێخەو ٤ دەنگ

لە نێوان بەدرخان سندی و حەمەکەریم هەورامی، هەروەها کەریم شارەزا و حوسێن ڕەشوانی، بەم شێوەیە ڕێک کەوتن:

١-بەدرخان سندی سەرۆکی لق
٢-حەمەکەریم هەورامی جێگری سەرۆک
٣-کەریم شارەزا سکرتێر
٤-حوسێن ڕەشوانی ژمێریار
٥-عەبدوڵڵا پەشێو ئەندام
٦-مەدحەت بێخەو ئەندام
٧-محەمەد مەولوود مەم ئەندام
٨-کەمال غەمبار ئەندام
٩-عەزیز گەردی ئەندام
١٠-محەمەد مەنگوڕی ئەندام
١١-جەلال مەدحەت خۆشناو ئەندام

هەر هەمان ڕۆژ دەستەی بەڕێوەبەر بڕیاریدا ئەم لێژنانە لەم بەڕێزانە پێک بهێنرێت:
أ-لێژنەی ڕۆشنبیری
١-محەمەد حەسەن مەنگوڕی
٢-مەدحەت بێخەو
٣-عەبدوڵڵا پەشێو
٤-عەزیز گەردی
٥-مەجید عەبدولڕەحمان
٦-کەمال غەمبار
٧-عیزەدین فەیزی
٨-محەمەد مەلاقادر لاجانی
٩-مومتاز حەیدەری
١٠-کەریم شارەزا
ب-لێژنەی چیرۆک:
١-مەغدید مامە سۆران
٢-مەجید عەبدولڕەحمان
٣-حەمەکەریم هەورامی
٤-عەلی عەبدوڵڵا هەژار
٥-عومەر ساقی حەسەن
ج- لێژنەی شیعر:
١-مەدحەت بێخەو
٢-کەریم شارەزا
٣-حوسێن ڕەشوانی
٤-عەزیز گەردی
٥-پیربال مەحموود
٦-عەبدوڵڵا پەشێو
د- لێژنەی فۆلکلۆر:
١-مەدحەت بێخەو
٢-حەمەکەریم هەورامی
٣-کەریم شارەزا
* دەستەی بەڕێوەبەر ڕۆژی ١٩٧١/١/٢١ بڕیاریدا کۆڕێکی ئەدەبی لەڕۆژی هەینی ١٩٧١/١/٢٩ بۆ کەریم شارەزا ساز بکات و بابەتێک بەناوی (حاجی قادری کۆیی و شیعری نەتەوایەتی) پێشکەش بکات.. هەرهەمان ڕۆژ دەستەکە بڕیاریدا بەدانانی لێژنەی دانان و وەرگێران و بڵاوکردنەوە لەم ئەندامانە:

١-بەدرخان سندی سەرۆک
٢-محەمەد مەنگوڕی ئەندام





٣-عەزیز گەردی ئەندام
٤-مەغدید مامە سۆران ئەندام
٥-محەمەد مەلا قادر لاجانی
ئەندام
٦-مەلا شەریف عوسمان ئەندام
٧-مەجید عەبدولڕەحمان ئەندام
٨-عومەر ساقی حەسەن ئەندام
٩-پیربال مەحموود ئەندام
١٠-جەمال عەلی خدر ئەندام

لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٧١/١/٢٩ بڕیاردرا ئەم نووسەرو شاعیرانە هەڵبژێردرێن بۆ بوون بە ئەندام:
١-عەبدولخالیق سەرسام
٢-جەمیل ڕەنجبەر
٣-مەجید هێرش

ڕۆژی ١٩٧١/٢/٢٥ دەستەی بەڕێوەبەر لەیانەی فەرمانبەران کۆبووەوەو بڕیاریدا نووسراوێک دەربارەی سازدانی میهرەجانی شیعر بۆ پارێزگاری هەولێر بنێردرێ کە لە ڕۆژی ١٩٧١/٣/١٨ کات چواری ئێوارە دەست پێ دەکات و بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەکی گشتی بۆ سەرپەرشتێکردنی میهرەجانەکە لەمانە پێکهات:

١-بەدرخان سندیسەرۆک
٢-حەمەکەریم هەورامی جێگری سەرۆک
٣-حوسێن ڕەشوانی ئەندام
٤-کەریم شارەزا ئەندام
٥-مەدحەت بێخەوئەندام

هەروەها ئەم لیژنانەش پێکهێنران:
أ-لیژنەی ئامادەکردنی هۆڵ:
١-مەدحەت بێخەوسەرۆک
٢-عەزیز گەردی جێگری سەرۆک
٣-مەغدید مامە سۆران ئەندام
٤-مەجید عەبدولڕەحمان ئەندام
ب- لیژنەی ئامادەکردنی دروشم و پڕۆپاگەندە (ریکلام):
١-کەریم شارەزا سەرۆک
٢-مومتاز حەیدەری ئەندام
٣-سەعید یەحیا ئەندام
٤-پیربال مەحموود ئەندام

ج- لیژنەی پێشوازی (تەشریفات):
١-بەدرخان سندیسەرۆک
٢-عەبدوڵڵا پەشێوئەندام
٣-حەمەکەریم هەورامی ئەندام
٤-محەمەد مەولوود مەم ئەندام
٥-جەلال مەدحەت خۆشناو ئەندام
٦-مومتاز حەیدەری ئەندام
٧-کەمال غەمبار ئەندام

د- لیژنەی ئامادەکردنی پلیت و دابەشکردنی:
١-بەدرخان سندیسەرۆک
٢-مومتاز حەیدەری ئەندام
٣-عەبدوڵڵا پەشێوئەندام
٤-مەغدید سۆران ئەندام

ه- لیژنەی ئامادەکردن و کڕینی ساردەمەنی و جگەرە (خەرجی):
١-حوسێن ڕەشوانی سەرۆک
٢-محەمەد حەسەن مەنگوڕی ئەندام
٣-جەمال عەلی خدر ئەندام

ڕۆژی ١٩٧١/٤/٢٣ دەستەی بەڕێوەبەر بڕیاریدا کۆڕێک لەبارەی شاعیر (کانی) لە ڕۆژی ١٩٧١/٥/١٢ کە دەکاتە (١٤) ەمین ساڵڕۆژی کۆچی دوایی سازبکات و ئەم کۆرە لەلایەن مەدحەت بێخەو و مومتاز حەیدەری پێشکەش بکرێت.

لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٧١/٦/١ی دەستەی بەڕێوەبەر بڕیاری دا:
* بەشداری لە میهرەجانی حاجی قادری کۆیی بکرێت کە لە ڕۆژی ١٩٧١/٦/٢٤ لەکۆیە سازدەکرێت.
* پەسەندکردنی داوای عەزیز هەریری بۆ بوونە ئەندام
* ڕۆژی ١٩٧١/٦/١٧ دەستەی بەڕێوەبەر لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە دەستەی گشتی کۆبوونەوەو بڕیاردرا بە دامەزراندنی دەستەیەکی ئامادەکاری بۆ ڕێکخستن و خۆئامادەکردن بۆ کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە ناوپردان لە ڕۆژانی ١٤-١٩٧١/٧/١٧ کە لەم ئەندامانەی لقی هەولێر پێکهات:
١-حەمەکەریم هەورامی
٢-کەریم شارەزا
٣-عەبدوڵڵا پەشێو
٤-جەمیل ڕەنجبەر
٥-مومتاز حەیدەری

* ڕۆژی ١٩٧١/٦/١٧ دەستەی بەڕێوەبەر کۆبووەوەو وەفدێکی پێکهێنا بۆ بەشداری کردن لە میهرەجانی حاجی قادری کۆیی لە ڕۆژانی ٢٤-١٩٧١/٦/٢٥ لە شاری کۆیەو بڕیاریدا کرێی هاتوچۆشیان بۆ خەرج بکات و وەفدەکە ئەم ئەندامانە بوون:
١-بەدرخان سندیسەرۆک
٢-حەمەکەریم هەورامی جێگری سەرۆک
٣-کەریم شارەزا سکرتێر
٤-حوسێن ڕەشوانی ژمێریار
٥-عەبدوڵڵا پەشێوئەندام
٦-عەزیز گەردی ئەندام
٧-مومتاز حەیدەری ئەندامی دەستەی گشتی
* ڕۆژی ١٩٧١/٧/١ دەستەی بەڕێوەبەر کۆبووەوەو بڕیاریدا لە ڕۆژی یەکشەممە ١٩٧١/٧/٤ کات (٥,٣٠)ی ئێوارە لەگەڵ ئەندامانی دەستەی گشتی کۆبێتەوە بە مەبەستی خۆئامادەکردن بۆ کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نووسەرانی کوردو دیاریکردنی ئەندامان بۆ پێکهێنانی لیژنەکانی کۆنگرە.
* ڕۆژی ١٩٧١/٧/٢٢ دەستەی بەڕێوەبەر کۆبووەوەو بە زۆرینەی دەنگ بڕیاریدا بە سازدانی کۆنفرانسی لقی هەولێر لەڕۆژی یەکشەممە ١٩٧١/٨/١٥ کات (٤)ی ئێوارە لە هۆڵی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان.